ژمارە : ٨٢٥
ڕێکەوت: ٢٠ / ١٠ /٢٧٢١ کوردی

DATE: ٢٠٢٢ / ١ / ١٠

## بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فروشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ بریارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:

**ماددەی یەکەم/**

هەموارکردنەوەی ماددەی (چوارەم) و زیادکردنی چەند برگەیەك بۆ ئەم ماددەیە و ڕێکخستنەوەی برگەکانی تری بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. گرێبەستێکی ستانداردی فروشتنی ئۆتۆمبێل لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێك دەخرێت بە زمانی کوردی و عەرەبی.

٢. پێویستە گشت کۆمپانیا و پێشانگاکانی فروشتنی ئۆتۆمبێل لە کاتی فروشتنی ئۆتۆمبێل گرێبەستی برگەی (١)ی سەرەوە بەکاربهێنێت بۆ ئۆتۆمبێلی ژمارە کاتی یان تۆمارکراو.

٣. سەبارەت بە کرین و فروشتنی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو لە ناو ئەندامانی خێزان ( باوك، دایك ، کور ، کچ ، خوشك، برا و هاوسەر) گواستنەوەی خاوانداریتی بو دەکرێت بە گرێبەستێکی ئەلیکترونی لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەمەند بۆیان ڕێك دەخرێت و پەسەند دەکرێت بە رسوماتی دیاری کراو، بە مەرجێك پەیوەندی خێزانی بە بەلگەنامەی فەرمی ( ناسنامەی باری کەسایەتی یان کارتی نیشتمانی ) بسەلمێنرێت.

٤. سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلانەی تابلۆی هەرێم کە لە شارەکانی تری عێراقن و لەوێ دەفروشرێن گواستنەوەی خاوانداریتی بو دەکرێت بە گرێبەستی ئەلیکترونی کە لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچووی تایبەتمەند بۆی ڕێك دەخرێت بە مەرجێك کریار وفروشیار دانیشتوی پارێزگاکانی تری عێراق بن بە رسوماتێکی دیاری کراو بە پێی کارتی زانیاری (بطاقة السكن) و کرین و فروشتنەکە لە هەرێم نەکرابێت.

٥. هیچ گرێبەستێکی تر جگە لەو گرێبەستانەی کە لەم ماددەیە دیاری کراون لە بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ کاری پێ ناکرێت لە کاتی فروشتنی ئۆتۆمبێل بۆ یەکەم جار یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی تۆمارکراو.

**ماددەی دووەم /**

**هەموارکردنەوەی بڕگەی (٢) لە ماددەی (هەشتەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

١. **هەر ئۆتۆمبێلێکی تۆمارکراو لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم کە بە پێی ئەم ڕێنماییە دەفرۆشرێت** پێویستە لە ماوەی (٦٠) ڕۆژ لە واژووکردنی گرێبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل گواستنەوەی خاوەنداریەتی بۆ بکرێت لە فرۆشیار بۆ کریار، بە پێچەوانەوە لایەنی کەمتەرخەم ئەو پێبژاردنە دەدات کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.

**ماددەی سێ یەم/**

**هەموارکردنەوەی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

٣- هەر دوو لایەنی گرێبەست بۆیان هەیە گرێبەست هەڵوەشێنێتەوە، و پێویستە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی تایبەتمەند بکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست و پێدانی بڕی پێبژاردنەکە کە لە بڕگەی (٥) لە ماددەی (شەشەم)ی ئەم بەیانە دیاری کراوە.

**ماددەی چوارەم/**

**هەموارکردنەوەی ماددەی (نۆیەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

پێویستە لەسەر کومپانیای هاوردەکردن یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هاوردەی کردووە دوای تێپەربوونی ماوەی (١٢٠) ڕۆژ لەسەر داخل کردنی ئۆتۆمبێل لەسەر ناوی کۆمپانیا تۆماری بکات ئەگەر نەفرۆشرابێت لەو ماوەیەدا، و ئەم ماددەیە تەنها ئۆتۆمبێلی تایبەت دەگرێتەوە.

**ماددەی پێنجەم /**

**هەموارکردنەوەی بڕگەی (یەکەم/٧) لە ماددەی (دەیەم) و زیادکردنی بڕگەی (یەکەم/٨) لەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

٧. بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار وەك ڕسوماتی پشکنینی لەو کۆمپانیا یان پێشانگانەی کە لەم ڕێنماییە دیاری کراون وەردەگیرێت بە مەبەستی وەرگرتن و نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردن.

٨. بڕی (١٥,٠٠٠) پانزدە هەزار دینار وەك ڕسوماتی ڕێکخستنی گرێبەستی ئەلیکترونی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە کە لە بڕگەی (٤,٣) لە ماددەی (یەکەم)ی ئەم بەیانە دیاری کراون.

**ماددەی شەشەم/**

**هەموارکردنەوەی بڕگەی (دووەم/٤,٣,٢,١) لە ماددەی (دەیەم) و و زیادکردنی بڕگەی (٦,٥) بۆ ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

ژمارە : ٨٢٥

ڕێکەوت: ٢٠ / ١٠ /٢٧٢١ کوردی

DATE: ٢٠٢٢ / ١ / ١٠

١. بڕی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار ڕۆژانە وەك پێبژاردنی دواکەوتن لە پەسەندکردنی گرێبەستی فروشتنی ئۆتۆمبێل کە لە لایەن لایەنی کەمتەرخەم دەدرێت.

٢. بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار ڕۆژانە وەك پێبژاردنی دواکەوتن لە نویٚ کردنەوەی مۆڵەتی کاری کۆمپانیای (هاوردە و هێنان و فروشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگای فروشتنی ئۆتۆمبێل و نویٚ نەکردنەوەی کودی فروشتنی ئۆتۆمبێل.

٣. بڕی (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەك پێبژاردنی نمایش کردنی هەر ئۆتۆمبێلێك لەسەر جادە و شوستەکان لەگەڵ لابردنی سەرپێچی.

٤. بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار ڕۆژانە وەك پێبژاردن بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك دەدرێت لە لایەن کۆمپانیای (هاوردەکەر یان فروشیار) و پێشانگای فروشتنی ئۆتۆمبێل لە کاتی تێپەربوونی ماوەی (١٢٠) ڕۆژ لە سەر هاوردەکردنی ئوتومبێل و تۆمارنەکردنی.

٥. بڕی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار دینار وەك پێبژاردنی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بە ڕەزامەندی هەر دوولا یان هەبوونی هەڵە لە پڕکردنەوەی زانیارییەکانی گرێبەست.

٦. هەر کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دوو گرێبەستی فرۆشتن یان زیاتر بۆ ئۆتۆمبێلێك بکات بە بێ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی پێشوو بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار پێبژاردنی پێ دەکرێت.

**ماددەی هەفتەم/**

هەموارکردنەوەی بڕگەی (٣,٢,١) لە ماددەی (پانزدەیەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. پێویستە کۆمپانیای هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل پابەند بێت بە ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١ و هەر ڕێنماییەکی تر کە دواتر دەردەچێت تایبەت بە مەرجەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل و بەرپرسیارەتی سەرپێچی کردنی ڕێنماییەکان دەکەوێتە ئەستۆی.

٢. کۆمپانیای گواستنەوەی ئۆتۆمبێل هیچ بەرپرسیارەتی هەبوونی سەرپێچی لە ڕێنماییەکانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل ناکەوێتە ئەستۆ و لە خالی سنووری ئەگەر ئۆتۆمبێلەکان لە پشکنین دەرنەچوون پێویستە لەسەر کۆمپانیای گواستنەوە ئەو ئۆتۆمبێلە بگەڕێنێتەوە بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢١.

٣. کەسی سروشتی بۆی هەیە ساڵانە (٣) سێ ئۆتۆمبێل هاوردە بکات و گشت بەرپرسیارەتی هەبوونی سەرپێچی لە ڕێنماییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسە.

ژمارە : ٨٢٥

ڕێکەوت: ٢٠ / ١٠ /٢٧٢١ کوردی

DATE: ٢٠٢٢ / ١ / ١٠

**ماددەی هەشتەم/**

زیادکردنی برگەی (٤،٣) بۆ ماددەی (سیانزدەیەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

٣- ئەو گرێبەستانەی کە پێش ٢٠٢٢/١/٢ ئەنجام دراون کاری پێ دەکرێت و لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بە پێی (ماددەی دەیەم/ برگەی یەکەم/٦) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ پەسەند دەکرێن.

٤- ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بە هۆی نەبوونی گرێبەستی ئەلیکترونی سزای دواکەوتنیان کەوتووتەسەر دەبەخشرێن لەو سزایانە لە بەرواری ٢٠٢٢/١/٢ تا ٢٠٢٢/٣/١٥.

**ماددەی نۆیەم/**

هەموارکردنی ماددەی (چواردەیەم) بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- پێویستە ئەو کومپانیا و پێشانگانە تا ٢٠٢٢/٣/١٥ خۆیان تومار بکەن بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١.

٢- ئەو کۆمپانیا و پێشانگایانەی کە کێشەی باج یان خاوەنداریەتی یان کێشەی گرێبەستیان هەیە کۆدیان پێ دەدرێت و پێویستە تا ٢٠٢٢/١٢/٣١ ئەو کێشانە لەگەل لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت چارەسەر بکەن.

**ماددەی دەیەم/**

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بلاودەکرێتەوە.

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

**وێنەیەك بۆ :-**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان / بفەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان / بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە ، لەگەڵ ڕێزدا ....
- نوسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بفەرموون بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- نوسینگەی بەڕێزان بریکاری وەزارەت / بفەرموون بۆ زانین ، لەگەل ڕێزدا...
- وەزارەتی دارایی و ئابووری /بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرك / بفەرموون بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی /بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیاکان / بفەرموون بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...
- گشت پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان / بفەرموون بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزدا ...